# خەڵک کێیە؟

## جۆرجیۆ ئاگامبین



Giorgio Agamben

وەرگێڕانی

ئەرسەلان ئەفراسیاو
ناجی ئەفراسیاو

ناوەندی کۆمۆن

# خەڵک کێیە؟

جۆرجیۆ ئاگامبین

وەرگێڕانی:

ناجی ئەفراسیاو

ئەرسەلان ئەفراسیاو

سەرچاوە:

https://www.medinaportal.com/agamben/

# خەڵک کێیە؟

پێشەکیی وەرگێڕی عەرەبی

ڕات چییە دەربارەی هێلەک زەردەکانی پاریس؟

خەیاڵبکە چەند جار ئەم پرسیارە هەروا بە ڕووتی کرابێت، کە ڕێک بە چەشنی هاندەرانی تۆپی پێ، پرسیارەکە لە خۆیدا وەڵامەکەی هەڵگرتووە، ئامانجیشی نەک تێگەیشتن، بگرە سەلماندنی "ڕاستیی" هاندانەکەیەتی، ئامانجی شیکردنەوەیەکە لەسەر کۆمەڵێک گریمانە و میتۆد وەستاوە کە هاندەر دروستدەکەن نەک ئەقڵی ئازاد...

بەڵام مەسەلەکە ڕوونە کە چییە، مەسەلەکە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکە لە دژی دەسەڵاتێک کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکە. مەسەلەکە شۆڕشی هەژارانە لە دژی سەرۆکێک کە لە واقیعدا "دۆستی دەوڵەمەندەکانە.."

ڕەنگە.. ئەم وەڵامە بەگشتی بە مانای ئەوە دێت چیدی ڕوونییەکەی جاران بەکەڵکی ئەوە نایەت تەفسیری ساتە ئاڵۆزەکانی [ئێستای] پێ بکرێت، هێندە ئاڵۆز بەڕادەیەک کە ئەوە دەخوازێت بە چەمکە جێگیر و چەقبەستووەکاندا بچینەوە. ئەوەتا پێکهاتەی هێلەک زەردەکان خۆیشیان ڕاستەوخۆ لەسەر شاشەکان دادەڕێژرێنەوە، بزوتنەوەکەشیان بەردەوام گەشەدەکات، بۆیە ناتوانین بە لێدانی قەوانە کۆنەکان و گەڕانەوە بۆ مانا و تێگە کۆنەکان لێیان تێبگەین.

ناکرێت چەمکەکانی پاریسی شۆڕشی فەرەنسی بەسەر پاریسی هێلەک زەردەکاندا ببڕین؛ ئەمە شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە، بەڵام بەڵگەنەویستی چارەسەر نییە بۆ هەژاری و کورتیی ماناکان، بەڵکو شتێکی کوشندەیە، وەکچۆن لە ئەزموونی شۆڕشەکان/ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبیدا کوشندەبوو، هێشتا بیرکردنەوە لەو ساتە

گەورەی کە تێیدا خەڵک چووە دەرەوە بە لۆژیکێک کار دەکات، دەیکاتە میلۆدرامایەکی ئاسایی کە گریان و ئازارێکی خودئەوین دەخوازێت، پاشئەوەی ڕێگا بەرەو یۆتۆپیای کۆتاییە خۆشەکان لەدەستچوو...

ئەم پێشەکییە درێژتربوو لەوەی کە ویستمان لە پێش دەقەکەی فەیلەسوفی ئیتاڵی جۆرجیۆ ئاگامبین پێشکەشی بکەین، کە بە هەڵوەشاندنەوەی چەمکە جێگیر و چەقبەستووەکان بەناوبانگە... توانای ئەم کابرا لەوەدایە لە ڕێگەی چاوخشاندنەوە بە وردەکارییە بچوکەکاندا ڕێگای نوێ بۆ بیرکردنەوە لە ڕەها دەدۆزێتەوە.. ئەو خۆی وەک مێژوونووس بەمانا تەقلیدییەکەی نابینێت، بەڵکو کار لەسەر چەند مۆدێلێک لە مێژوو دەکات؛ ئەمەش کارێکی پێویستە بۆ وەها ساتێک کە پێویستی بە وروژاندنی پرسیارە گرنگ و لەبیرکراوەکانە.. لە ڕاستیدا ئاسان نییە کتێبەکانی ئاگامبین وەک کتێبی مێژوویی هەژمار بکەین، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە مێژوو و فەلسەفە و زانستەکانی زمان و یاسا.. لە ڕاستیدا بۆیە پەنامان بۆ دەقێکی ئاگامبین برد، چونکە نامانەوێت بە ئەقڵییەتێک کە لە وێستگە کۆنەکاندا گیریخواردووە و ونبووە، بیر لە جیهانێک بکەینەوە کە لە گۆڕاندایە، لە شارێک بکەینەوە کە چیتر وەک خۆی نەماوە.

ئێمە کە بیر لە ڕاپەڕینی "هێلەک زەردەکان"ی پاریس دەکەینەوە، ئاگامبین لەگەڵماندایە؛ ڕاپەڕینێک کە هەندێک وایدەبینن سەدایەکی دڕەنگوەختی دەرپەڕینی کەرتە گەورەکانی دانیشتوانی وڵاتانی جیهانی عەرەبییە بۆ ڕاگەیاندنی دابڕان لەگەڵ جیلی کۆن و دەسەڵات.. لە کاتێکدا هەندێکی تر پێیانوایە سەرەتای توندوتیژییەکی پێچەوانەیە لەدژی توندوتیژیی سیاسەتەکانی نیولیبراڵیزم.. کۆمەڵێک پرسیار دەبنە کەڵکەڵە بۆمان؛ سەرەتا دەپرسین کاریگەریی چەمکی خەڵک چییە لەسەر هەستکردن بە ملکەچیی هەمیشەیی بۆ دەسەڵاتێک کە گوایە بەناوی ئەوەوە قسە دەکات؟ ئینجا بۆچی ئەم چەمکە لە هەر شوێنێک ناوی بێت، ناوی بەستراوە بە بێنەوایی و نەهامەتییەوە؟ ئایا [چەمکی خەڵک] وەسفێکی خەیاڵییە یان حەقیقەتێکی سیاسی؟

جۆرجیۆ ئاگامبین لە ساڵی ١٩٤٢دا لە ڕۆما لەدایکبووە؛ فەیلەسوف و مێژوونووسێکی ئیتاڵییە، ساڵی ١٩٦٥ لە زانکۆی رۆما دکتۆرای لە یاسادا بەدەستهێناوە. سەرپەرشتی وەرگێڕانی کۆی بەرهەمەکانی واڵتەر بنیامینی لە ئەڵمانییەوە بۆ ئیتاڵی کردووە؛ ئەو کارەش نزیکەی ١٥ ساڵی خایاندووە، چونکە هەندێک لەو بەرهەمانە لە سەروەختی ژیانی بنیامین خۆیدا بڵاونەبوونەتەوە. ناوبراو لە ئێستادا پرۆفیسۆری فەلسەفەی ئیستاتیکایە لە ڤینیسیا. هەندێک لە کتێبەکانی بریتیین لە "زمان و مەرگ"، "دۆخی ئاوارتە"، "هۆمۆ ساکەر".

## جۆرجیۆ ئاگامبین

دەقەکەی ئاگامبین کە لە کتێبی "کۆمەڵگای داهاتوو"ەوە وەرگیراوە:

هەر ڕاڤەکرنێک بۆ مانا سیاسییەکەی وشەی "خەڵک" پێویستە لە واقیعێکی تایبەتی زمانە ئەوروپییە نوێکانەوە سەرچاوە بگرێت کە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەم زاراوەیە ئاماژەیشە بۆ هەژار و بێدەرامەت و دوورخراوەکان. خودی زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ سوبێکتی سیاسیی دامەزراو هەروەکچۆن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چینەی کە ئەگەر بەشێوەیەکی یاساییش نەبێت ئەوا بەشێوەیەکی پراکتیکی لە کایەی سیاسی دوورخراونەتەوە.

زاراوەی popoloی ئیتاڵی، و peupleی فەرەنسی، و puebloی ئیسپانی، سەرباری هاوەڵکار و هاوەڵناوەکانی وەک popolare، popular،populaire، هاوشان لەگەڵ هەردوو زاراوەی لاتینیی کۆن popularis، populous، کە هەموو ئەو زاراوانەیان لێوە وەرگیراوە، هەموویان وەکئەوەی لە زمانی فەرهەنگی سیاسیدا هاتوون، ئاماژەن بۆ

کۆمەڵێک هاوڵاتی، وەک جەستەیەکی سیاسیی یەکگرتوو، وەک زاراوەی "گەلی [خەڵکی] ئیتاڵی" یان giudice popolare، وەکچۆن لەم گوزارانەدا ئاماژەیە بۆ چینە خوارووەکان: (homme du people مرۆڤی سەر شەقام)، (rione popolare گەڕەکی چینی کرێکار)، (front populaire بەرەی میللی). تەنانەت زاراوە ئینگلیزییەکە people کە ماناکەی جیاکارییەکی کەمتر لەخۆدەگرێت، هێشتا لە بەرامبەر دەوڵەمەند و چینی ئەرستۆکراتدا مانای "گشتی"ی پاراستووە.

بەمشێوەیەش لە دەستووری ئەمریکیدا بەبێ جیاکاریی ئەمە دەخوێنینەوە "ئێمە، گەلی [خەڵکی] ویلایەتە یەکگرتووەکان". بەڵام کاتێک لینکۆڵن لە جێتیسبێرگ وتار دەدات و دەڵێت "حوکمی خەڵک، لەلایەن خەڵکەوە، لەپێناو خەڵک"، دەبینین ئەم دووبارەکردنەوەیە، بەشێوەیەکی شاراوە، خەڵکێکی تر دەخاتە بەرامبەر خەڵکی یەکەم. مەودای ڕادیکاڵبوونەوەی ئەو تێوەگلانە کە تەنانەت لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا پێیگەیشت (واتا ئەوکاتەی کە بنەمای سەروەریی خەڵک ڕاگەیەنرا) دەشێت لە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەستکردن بە هاوسۆزی بەرامبەر بەو خەڵکەی کە وەک چینێکی دوورخراوە سەیردەکران، درکی پێبکرێت. وەک هانا ئارنێت دەڵێت:

**وشەکە خۆی لە منداڵانی هاوسۆزییەوە لەدایکبووە، بۆتە هاومانایەکی کلۆڵی و دەردەسەری؛ وەک ڕۆبسپییێر Robespierre دەیوت: "خەڵک، ئەو بەدبەخت و کلۆڵانەن کە چەپڵەم بۆ لێدەدەن"[1]. تەنانەت سیاس Sieyès، کە کەمترین ڕەمزی شۆڕشی سۆزدارییە و سەنگینترینیانە، دەیوت: "خەڵک بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە، کلۆڵ و بەشمەینەتە"[2].**

ئەم دووماناییە، لە بەشی "شەش کتێبەکەی کۆمار"دا، لەلای ژان بۆدینیش دەیبینینەوە –ئەگەرچی بەمانایەکی جیاوازتر دەیبینینەوە– کە تیایدا پێناسەی دیموکراسی یان Etat

---

[1] malheureux le peuple, les malheureux m'applaudissent.
[2] le peuple, toujours malheureux.

Populaire دەکات: لەکاتێکدا popolo minuto [یەکێکە لە دەستەواژەکانی شۆڕشی فەرەنسی کە دەکرێت بە 'خەڵکە ساکارەکان' وەرگێڕدرێت] ئەو کەسانەن کە واباشترە لەکایەی دەسەڵاتی سیاسی دووربخرێنەوە، لەکاتێکدا peuple en corps ئەوانەن کە ڕێپێدراون پەیڕەوی دەسەڵات بکەن.

تێوەگلانێکی ماناداری وەک ئەم جێگیربوون و بڵاوبوونەوەیە، بە تەنها ڕێکەوت نییە: ڕەنگدانەوەی تێوەگلانێکی خۆڕسکی سروشت و فرمانی چەمکی "خەڵک"ـە لە سیاسەتە ڕۆژئاواییەکاندا. بە مانایەکی تر، وادیارە ئەوەی پێی دەڵێین خەڵک لە واقیعدا سوبێکتێکی یەکگرتوو نییە، لەرینەوەی دیالەکتیکیی نێوان دوو جەمسەری بەرامبەر بە یەکە: لەلایەک، "خەڵک people" وەک گشت و جەستەیەکی سیاسیی تەواوەتی، لەلایەکی تریشەوە خەڵک people وەک کۆمەڵێکی لقدار و فرەیەکی پارچەپارچەی جەستە بەشخوراو و دوورخراوەکان. لەلایەکەوە چەمکێکی سەرتاسەری هەیە، بانگەشەی لەخۆگرتنێکی تەواوەتی دەکات کە هیچ شتێک لە دەرەوەی خۆی ناهێڵێتەوە، لەلایەکی دیکەوە، چەمکی وەدەرنان هەیە کە هەموان دەزانن هیچ هیوایەکی پێ نییە. لەلایەک، دەوڵەتی سەرتاسەر کە لە کۆمەڵێک هاوڵاتیی ساز و هاوئاهەنگ و سەروەر پێکهاتووە، لە لایەکی دیکەوە، دوورخستنەوەی بێنەوا و کڵۆڵ و بەشخوراوەکان، چ لە گەڕەکی هەژارنشیندا، چ لە کەمپی دەستبەسەرگرتندا.

ڕێگایەک نییە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی تاک و یەکانگیر کە زاراوەی "خەڵک" بچێتەوە سەری: وەک زۆربەی چەمکە سیاسییە بنەڕەتییەکان (وەک وشەی Urworte لەلای ئابڵ و فرۆید یان پەیوەندییە پلەبەندییەکانی دۆمۆ)، "خەڵک" دەستەواژەیەکی دوو جەمسەرە، ئاماژەیە بۆ بزووتنەوەیەکی دوولایەنە و پەیوەندییەکی تێکەڵاوی نێوان دوو سنوور. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوەش دێت، ڕێکخستنی مرۆڤەکان لە قەوارەیەکی سیاسیدا، لە پەرتبوونێکی جەوهەرییەوە سەرچاوەدەگرێت. لەڕێگەی زاراوەی "خەڵک"ەوە دەتوانین ئاشنای ئەو چەمکاندنەش ببین کە پێشتر وەک

کاتیگۆرییەکی یەکلاکەرەوە لە بونیادی سیاسیی ڕەسەندا پێناسەمان کرد: ژیانی ڕووتی *خەڵک*، بوونی سیاسیی *خەڵک*، دوورخستنەوە و تێکەڵاوکردن، zewo و bios. وشەی خەڵک هەمیشە لەناو خۆیدا پەرتبوونێکی بیۆ-سیاسیی جەوهەری هەڵگرتووە. ئەو بەشەیە کە ناکرێت لەنێو ئەو گشتەدا دابنرێت کە بەشێکە لێی، وەکچۆن ئەو بەشەیە کە ناتوانێت سەر بەو گشتە بێت کە بەردەوام لەناو خۆیدایە.

لێرەوە ئەو پاراداکۆس و ئاستەنگیانەی کە وەها چەمکێک دەیانخاتەوە، بۆبینینی ڕۆڵ لەسەر شانۆی سیاسی هەموو جارێک بانگهێشت دەکرێت. ئەوەش ڕێک ئەو شتەیە کە هەمیشە لەگەڵ خۆیدا هاوشانە، وەکچۆن ئەو شتەیە کە دەبێت خۆی بەدیبێنێت؛ سەرچاوەی پوختی ئەو ناسنامەیە کە پێویستە لەسەری خۆی پاکژ بکات و بەردەوام بەهۆی دوورخستنەوە و زمان و خوێن و سنوورە جوگرافییەکانەوە پێناسە بکرێتەوە. ئەو شتەیە کە لە دژەکەی خۆیدا ئەو جەوهەرە دەبینێتەوە کە خۆی نییەتی، ئیدی بەدیهاتنی لەگەڵ پووچەڵکردنەوە خۆیدا هاوشانە، بۆیە بۆئەوەی هەبێت، دەبێ هەمیشە لەڕێگەی دژەکەیەوە خۆی نەفی بکات. (لێرەوە ئاستەنگییە جۆرییەکانی تایبەت بە بزووتنەوەی کرێکار بەدەردەکەوێت، کە هەم ڕووی لە خەڵکە  هەم ئامانجی پووچەڵکردنەوە و سڕینەوەیەتی).

چەمکی خەڵک –کە بەردەوام وەک لیوایەکی خوێناویی بەرەنگاری و ئاڵای شەکاوەی شۆڕشەکان و بەرە میلییەکان ناو دەبرێت- بەردەوام پەرتبوونێکی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە کە زۆر جەوهەریترە لەوەی دۆست و دوژمن لەیەکدی جیادەکاتەوە، شەڕێکی ناوخۆیی بەردەوام کە زیاتر لە هەر ململانێیەکی تر کار لەسەر پەرتکردنی ئەم چەمکە دەکات، هاوکات زیاتر لە هەر شوناسێکی دی پارێزگاریی لە یەکێتی و تۆکمەیی دەکات.

بەمجۆرەش ئەوەی مارکس ناوی دەنێت ململانێی چینایەتی –کە لە فیکری ئەودا پێگەیەکی چەق و سەنترالی هەیە، گەرچی هەرگیز پێناسەیەکی یەکانگیریشی نەداوەتە

پاڵ- هیچ نییە جگە لەم جەنگە وێرانکەرەی کە هەموو خەڵک دابەش دەکات جەنگێک کە تەنها ئەو کاتە بە کۆتاییەکەی دەگات کە *خەڵک* لەگەڵ *خەڵک*دا، لە کۆمەڵگایەکی ناچینایەتیدا یان لە خاوەندارێتیی هەزارەی مەسیحدا هاوشان و یەکانگیر دەبێت، تەنها ئەو کاتەی کە ئیدی خەڵک هیچ بوونێکی ڕاستەقینەی نامێنێت.

ئەگەر کارەکەش بەوشێوەیە بێت (ئەگەر چەمکی خەڵک لە ناو خۆیدا پەرتبوونێکی بیۆسیاسیی جەوهەری هەڵگرتبێت) ئەوکات دەتوانین سەرلەنوێ هەندێک لە لاپەڕە یەکلاکەرەوەکانی مێژووی سەدەی بیست بخوێنینەوە. چونکە لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ململانێ لە نێوان دوو خەڵکدا هەبووە، لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ئەو ململانێ خێراییەکی زیاتر و یەکلاکەرەوە بەخۆوە دەبینێت. لە ڕۆمای کۆندا، ئەم پەرتبوونە ناوخۆییەی خەڵک، دانپیانانێکی یاسایی وەرگرتبوو، ئەوەش لەڕێی دابەشکردنیان بەسەر populous و plebsـدا، بەجۆرێک کە هەریەکەیان دامەزراوە و دادوەری خۆی هەبوو - وەکچۆن لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جیاکاریی نێوان پیشەوەر و بازرگانەکاندا هاوکاتبوو لەگەڵ جیاکاریی ورد و ڕوونی نێوان سەرجەم هونەر و پیشەکان. بەڵام هەر کە دەسەڵات بە خەڵک درا، لە شۆڕشی فەرەنسی بەولاوە، ئیدی "خەڵک" ئامادەییەکی ئاڵۆزی وەرگرت، بۆ یەکەمجار هەژاری و دوورخستنەوە بە تەواوی مانا بوو بە ئابڕوچوونێکی نەخوازراو.

لە سەردەمی مۆدێرنیشدا، هەژاری و دوورخستنەوە نەک تەنها دەبنە دوو چەمکی کۆمەڵایەتی بەڵکو دەبنە دوو کاتیگۆریی سیاسیی بەرچاو. (ئابووریگەرایی و "سۆسیالیزم" کە وەک دیارە هەژموونیان بەسەر سیاسەتە نوێکاندا زاڵە، هەردووکیان مانایەکی سیاسی یان بیۆسیاسی لەخۆدەگرن) لەم ڕوانگەشەوە، ئەم سەردەمەمان هیچ نییە جگەلە هەوڵێکی میتۆدیی بێوچان بۆ لکاندنەوە و یەکخستنی ئەم پەرتبوونە کە لەڕێی ڕیشەکێشکردنی خەڵکە دوورخراوەکانەوە خەڵک دابەش دەکات. ئەم

هەوڵەش بەپێی ئامراز و ئاسۆی جیاواز، ڕاست و چەپ و بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی لەخۆی کۆکردۆتەوە، کە سەرجەمیان لەپێناو دانانی پلانێک بۆ بەرهەمهێنانی یەک خەڵکی دابەشنەبوو کەوتوونەتە یەک بەرەوە. وەها پلانێک پلانێکی نەزۆکە و شکست لەچارەی نووسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ئەو وڵاتانەی پیشەسازی ڕووی تێکردوون کەمتازۆر پیادە کراوە. کاریگەریی گەورەی ئارەزووی گەشەسەندن لەم سەردەمەدا، بەهۆی یەکانگیری و هاوشانییەتی لەگەڵ ئەو پلانە بیۆسیاسییەی کە ئامانجی بەرهەمهێنانی خەڵکێکی یەکگرتووە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، قڕکردنی جولەکە لە ئەڵمانیای نازیدا مانایەکی نوێی ڕیشەیی وەردەگرێت. هۆکاری ئەوەی ئەوان خەڵکێک بوون ڕازی نەبوون ئاوێتەی جەستەی سیاسیی نیشتیمانی ببن (لە ڕاستیدا ئاوێتەکردنیان تەنها ئاوێتەبوونێکی ساختە دەبوو)، لەبەرئەوە بوو جولەکە نوێنەری "خەڵک" بوون و وەختەبوو ڕەمزە زیندووەکەشی بن، ڕەمزی ئەو ژیانە ڕووتەی کە مۆدێرنە لەنێو خۆیدا دەیخولقێنێت، کە بە هیچ جۆرێک توانای تەحەمولکردنی بوونی خۆی نەماوە. کەواتە دەبێ لەو تووڕەیە تێبگەین کە بەهۆیەوە خەڵکی ئەڵمانیا -وشەی *خەڵکی ئەڵمانیا Volk* نواندنەوەی ڕاستەقینەی چەمکی خەڵکە، وەک جەستەیەکی سیاسیی تەواوەتی- هەوڵیاندا بەتەواوەتی جولەکە لەناوبەرن، جولەکە وەک دوا وێستگەی ئەو ململانێ وێرانکەرەی کە خەڵک people و خەڵک people لەیەکدی جیادەکاتەوە.

بەم دوا چارەسەرە –کە قەرەج و ئەو ڕەگەزانەی دیکەشی لەخۆدەگرت کە بە هۆیەک لە هۆیەکان ئاوێتە نەدەبوون- نازیزم بێهودە و بەشێوەیەکی تەمومژاوی، هەوڵیدا مانای سیاسیی رۆژئاوا لەو خێوە ڕزگاربکات و خەڵکی ئەڵمانیا Volk بەرهەمبێنێت، وەک خەڵکێک کە دواجار دەتوانێت پەرتبوونی بیۆسیاسیی ڕەسەن تێپەڕێنێت. (هەر لەبەر ئەمەش بوو کە سەرکردە نازییەکان بەردەوام پێداگرییان لەوە دەکرد کە ئەوان بە قڕکردنی جولەکە و قەرەج کاریان لەپێناو گەلانی دیکەی ئەوروپییش کردووە).

وەک داڕشتنەوەیەک بۆ گریمانەکەی فرۆید دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئید و ئیگۆ، دەتوانین بڵێین بیۆسیاسیی مۆدێرن لەسەر ئەم بنەما دامەزراوە: "لە هەر کوێ ژیانی ڕووت هەبوو، 'خەڵک' لەوێیە". بەمەرجێک دەتوانین ئەوەش سەربار بکەین و بڵێین ئەم بنەما داڕشتنە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە: "لە هەر کوێ 'خەڵک' هەبوو، ژیانی ڕووت لەوێیە".

بەمشێوەیەش، ئەو پەرتبوونەی کە پێیانوابوو بە قڕکردنی "خەڵک" (کە جولەکە ڕەمزی بوو) ساڕێژ بووە، دووبارە خۆی بەرهەمهێناوەتەوە، بەمەش هەموو خەڵکی ئەڵمانیای کردووە بە ژیانێکی پیرۆز کە ئامادە و قوربانیی مەرگە، بە جەستەیەکی بایۆلۆژی کە پێویستە تاهەتاهەتایە پاکژ بکرێتەوە (لەڕێگەی قڕکردنی شێتەکان و تووشبوانی نەخۆشییە بۆماوەییەکان). بەهەمان شێوە، گەرچی بە ڕێگایەکی جیاوازتر، پلانی سەرمایەداری-دیموکراسی بۆ قڕکردنی هەژاران لە ئەمڕۆدا نەک تەنها خەڵکە دوورخراوەکانی لەناو خۆیدا بەرهەمهێناوەتەوە، بەڵکو کار لەسەر ئەوەش دەکات سەرجەم خەڵک و گەلانی جیهانی سێهەم بەرەو ژیانێکی ڕووت ببات. تەنها سیاسەتێک کە دەتوانێت پەرتبوونی بیۆسیاسیی جەوهەریی ڕۆژئاوا تیمار بکات، ئەو سیاسەتەیە کە دەتوانێت ئەم لەرینەوە ڕابگرێت و کۆتایی بەو شەڕە ناوخۆییە بێنێت کە خەڵک و گەلان و شارەکانی سەر زەویی دابەشکردووە.